## بوختان و جنێوی دەسكرد، وەڵام بە د. سەلاح محەمەد ... شەمێران سەید حوسەین

كەسێ بەناوی د. سەلاح محەمەد بەزمانەكی زۆر نزم و سوك و بازاڕی كەوتۆتە وێزەی كەمپینی ئازادی و هەمو ئەوانەی تا نوكە دیفاعیان لە د. كەمال كردوە ئەم د. سەڵاحە كۆمەڵە چیرۆكەكی دەسكرد ئەگێڕێتەوە مەگەر هەر لە مێشكی خۆی و ئەو دەزگایەیا بێ كە چلۆن رایسپاردوە لەهەموی خراپتر ئەوەیە بوختان و درۆ بەدەم خەڵكەوە ئەكات و بەبێ دەلیل بوختانی شەخسی و ئەخلاقی بلاوئەكاتەوە.

كەسێ نیە لەو كوردوستانە گەورەیەی ناوی د. سەڵاح محەمەد بێ و لە دانیمارك بێ و دژی ئەو كەمپینە بێ بۆ دوكتۆر كەمال كرایە هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئاژاوەنانەوەیەو ئەیەوی برادەریكی تر لە كەمپینەوە تێوەگلێنی. هەر چۆن د. سەڵاحی نەبوو لەسەر ئەرزی خوادا ناوی كەسی نەبردوە و بە لوغزەوە قسانی ئەكا... ئەوە ئەزیش هەر بەلوغز هەمو شتەك ئەڵێم و هەمو كەسیش لەفیكەی خۆیە گا بەڵام هەمو كەسێكی ژیر ئەزانێ كوێ ی ئەیەشێ چی لە دڵایە هەندێك ئەیانگوت ئەم دكتۆر سەڵاحە ئەو نوسەرو شاعیرو پیاوانەن كە زۆریان لەسەركەوت بەچونەپاڵ دەسەڵات و پاڕانەوە لە بەگەكانی دەسەڵات چ لەهەولێر و چ لەئەوروپا لێ ئەز مەزەنەم بۆ كەسی تر ئەڕوا كە هەمان قسەی لە چەند شوێنێكی تر كردوە بەشاهێدی ئەندامانی كەمپینو لە روومەكەی خۆی باسی ئەكا دەنگی تۆماركراوە كە چۆن سوكایەتی و جنێو بە خوشكانی د. كەمال ئەكاو چلۆن سوكایەتی بەكەمپینی ئازادی و د. كەمال ئەكا.

ئەم برادەرە هاتوە بەمەزەنەی خۆی ئەندامەكی مەكتەبی سیاسی یەكیەتی هەڵبژاردوەو بەنەخشەكێشی پلانەكەی دائەنێ و ئەیكا بە دەرهێنەری ئەوەی ئەو ناوی ئەنێتن شانۆگەری د. كەمال، ، ، داخی كۆنی لەدلا ماوەو لەویەوە كینی هەستاوەو بەكۆنەقین شەڕ ئەكات.

هیچ كەس لەو كەمپینە وازی نەهێنایە و دژایەتی كەمپین بكا، رەخنەیان هەبوە لەكەمپین لەسەر ئەوەی كەمپین نەرم و نیانە یان كاری باشی نەكردیە من خۆم لەو چەند رۆژەی رابردو لەروومەكی د. سەڵاح باسی ئەكا گویم لەبرادەرێ بو گوتی من وازم لەكەمپین هیناوە وەك كاركردن بەلام لەوان سورترم لەسەر دیفاع لە ئازادكردنی د. كەمال و زیاتریش شەرێ ئەو دەسەلاتەی ئەكەم كە پیشیلی مافی مرۆڤ و ئازادی ئەكاتن واتە رەخنەی لەناچالاكی برادەرانی كەمپین بویە نەكو دلدانەوەی لایەنێ ئەوانەی دژی كەمپین بون هەر لەدەرەوە بون ژمارەشیان ئەوەنە كەمە هەر حیسابیان بۆ ناكریتن. ئەم قسەیە بەس بۆ دلدانەوەی تەریكبونەوەی خۆی ئەكا تەنێ دووكەس و لەتێكی بەدەستەوەیە هەر بەكوردی قسەیان لەگەل بكا ئەوەندە قێزەون بوویە هاكا كوردی لەبیر چویەوە. ناوی خۆی ناوە شاعیر، بەڵام شاعیری ژورەكانی پاڵتەك و ئەچێ شیعر!! بۆ كوڕو كچە چوختیەكان ئەخوێنێتەوە و ئەوانیش سەر ئەنیەنە سەری و كاتی خۆشی پێ بەسەر ئەبەن.

كاك دكتۆر سەڵاح بوختان بۆ كەمپین و ئەندامەكانی ئەكاو ئەڵێ ئەو مەكتەب سیاسیەی یەكیەتی پارە ئەدات و ئەوانەی كەمپینیش جنێو و سوكایەتی ئەیەن. بەوەنەشەوە ناوەستێتن بەخۆفرۆشیان لەقەڵەم ئەیا، بۆ ئەوەی نەڵین دژی یەكیەتیەو دۆستی پارتیە كەمەك بە مام جەلال هەلئەیات و خۆی لە تەپوتۆزی پارتی بون ئەتەكێنی.

کاک دکتۆر سەلاح کە نەبویەو نەدەبیت و نەهەناسە ئەیاو نە دایکی هەیە نەباوک، نەبرای هەیەو نەخوشک نەئەسلی هەیەو نەفەسڵ بەکوردی و کورتی هیچ کونیەیەکی نیە و نەدانیمارکیشی دیتیە وەلی لەو پەڕی دونیاوە هاتوە گەڕی لەدانیمارک ئالاندیە بۆ ئەوەی خەلک سەرکوێر بکاتن.

ئەم د. سەلاحی دڵ شوشەیە دواتر سەر لەخۆی ئەشیەوێنی دێتە سەر شتی شەخسی و ئەخلاقی و شتە تابیەتیەکانی مرۆڤ بۆ ئەوەی قەرەبوی ئەو شکستەی بکاتنەوە لە کەمپینی ئازادی د. کەمالدا کردی بەچونە پاڵ حوکمڕانان و سوکایەتی کردن و گاڵتەکردن بەد. کەمال و خوشکانی و زاواکانی ئایا ئەوانەی پارێزگاری لە حکومەتی هەربێنەی ئەکەن چلۆن لەرویان یەت بوختان بۆ خەلک بکەن و باسی دزی خەلکی تر بکەن لەکاتەکدا سەرە گەورەکانی ئەو حیزبەی کاک د. سەلاح دیفاعی لێ ئەکات خاوەنی چەندەها ملیار دۆلارە و هەر هەموشی لە خەلکی رەشوروتی هەولێر و گەرمیان و شوێنەکانی تر دزیوە. جا د. سەلاحی دیرۆک سپی بەکام پێوەر خەڵک ئەکا بەدیرۆک سیا. جا توخوای هەمو عاجباتیەک ئەوە شەرم نیە پەنا بۆ ئەو قسە نزم و بازاڕی و ئەخلاقیە بەری بۆ شکاندنی کەسایەتیەکی کورد و بڵێ موشکیلەی خێزانی هەیە. ئای کەوا نیەو هیچت لێ نەزانی... ئەو کەسەی کە بەیان نامەش رەش ئەکاتەوە بە تەنیا نیە و زۆربەی ئەندامانی کەمپین یارمەتی خوشکانی د. کەمالیان داوە بەلام یەک قسەی خۆیان تێ نەکردیە و لە نزیکترین کەسی بنەمالەی د. کەمالم پرسیە هەمو قسەی دڵی خوشکانی د. کەمالە و یاریش بەسۆزیان نەکراوە و ئەوە د. سەلاحە نەکو هەر یاری بەسۆزیان کرد بەڵکە سوکایەتیشی پێیان کردیە. د. سەلاح ئەبێ بزانیتن ئەوە شەرەفەکی گەورەیە کە متمانەی خوشکانی د. کەمال و بنەماڵەی د. کەمال بە کەمپین بەخشراوە و ئەویش شەرەفی شەرەجنێوی بەرئەکەویت

لەئەخیرا لە ئینسافی د. سەلاحی ناو وەهم ئەپرسم ئەوانەی کەمپین ئەکەن بۆ ئازادی د. کەمال داخ لەدڵ و تڕۆ کراون یان هاوشێوەکانی ئەو کەسانەی بەکەمپین تووشی سەکتە بووینە و شەو و ڕۆژ تلی پێوە ئەیەن و نەدۆستیان هەیە نەکەس ئاوریان لی ئەیاتەوەو لە حالەتەکی نەفسی زۆر دژوارا بەسەرئەبەن و دەستی چەوری خۆشیان بەسەر خەلکانی ترا ئەسڕن.

ئەلمانیا